# تۆماس ترانسترومر شاعیری سویدی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی 2011 ی پێبەخشرا

**ئامادەکردنی : شاکار عەبدول**



ڕۆژی 2011/10/6 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی بۆ ساڵی 2011 بەخشرایە (تۆماس ترانسترومری)ی شاعیری سویدی کە لە تەمەنی هەشتا ساڵیدایە و هۆکاری بەخشینی ئەم خەڵاتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی و سادەیی شێوازی بابەتەکانی.
پیتر ئەنفلۆند ئەکادیمیای سویدی ڕایگەیاند " لەبەر سادەیی شێواز و رونی سادەیی وێنەکانی کە لە ڕێگەیانەوە دەریچەیەکی نوێمان بۆ واقع بۆ دەکاتەوە، جگەلەمەش زۆربەی دیوانەکانی خاوەنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی روونی و خواستن و..هتد، هەر ئەم ئاسانیەش وایکردووە شیعرەکانی وەربگێڕن بۆ زمانە جیهانیەکان" هەروەها ڕایگەیاند" ماوەی چل ساڵە هیچ سویدیەک ئەم خەڵاتەی وەرنەگرتووە بەلام لە ساڵی 1993وە تۆماس بەردەوام پاڵێوراوی ئەم خەڵاتە بووە" لەگەڵ ئەوەشدا کە بەتەلەفۆن پێیان وتوە خەڵاتەکەت پێبەخشراوە سەرسام بووە.
لە ساڵی 1974 ئەکادیمیای سویدی لە بڕیارێکی دەگمەندا خەڵاتی بەخشیە هەردووو سویدی (ئینفیند جۆنسۆن) و (هاری مارتنسۆن)
لە ساڵی 1990 توشی شەلەل بووە و ژنەکەی بەناوی ئەوەوە لێدوان دەدات و دەڵێت ڕۆژانە پیانۆ بەدەستی چەپی دەژەنێ و گوێ لە مۆسیقا دەگرێت و دەڵێت تۆماس بڕوای وانەبوو ڕۆژێك ئەم خەڵاتە بەدەست بهێنێت و ئەو خۆشیە ببینێت.
تۆماس لە ساڵی 1956 خەڵاتی دەروونناسی وەرگرتووە و کاری لە پەیمانگای دەروونیدا کردووە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم کە گرنگی گەنجی سەرکەوتوو لە بواری پسپۆڕیدا دەدا، هەروەها کاری لەگەڵ کەمئەندامان و بەندینخانەکان و توشبوان بە مادەی بێهۆشکەر دا کردووە و ئێستاش لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ ژن و دوو کچەکەیدا دەژی .

**براوانی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب**

2010 ماریۆ ڤارگاس یوسا (پیرۆ)
2009 هێرتا مۆلر (ئەڵمانیا)
2008 جان ماری گۆستاڤ لوکلزیۆ (فەرەنسا)
2007 دوریس لیسسینغ (بەریتانیا)
2006 ئۆرهان پاموك (تورکیا)
2005 هارولد پیتر (بەریتانیا)
2004 الفریدی یلینیك (نەمسا)
2003 جۆن ماکسویل کوتزی (باشوری ئەفریقا)
2002 ئیمری کریتس (مەجەر)